**Article**

IJOKS

**International Journal of Kurdish Studies**
(ISSN:2149-2751)
4 (1), pp. 142 – 154
http://www.ijoks.com

# Freedom in Kurdistan Society- In the light of social contract theory John Locke

***Asrin Zrar QADER*[1]**

**Received**: Feb 01, 2017 **Reviewed**: Nov 21, 2017 **Accepted**: Dec 07, 2017

## Abstract

The notion of freedom as reaction against oppression and injustice returns to Seventeen and eighteen century. At that time European philosophy concerned with individual rights, particularly after France revolution freedom was a concept which was placed in the constitutions, besides of America independence revolution and writing constitution based on the individual freedoms. Because freedom is related to law, therefore, free society is a society in which ruling law, human rights and freedom are respected. (Hegal) said that the only thing I am not free from it is my freedom.This makes clear that fact there is nobody who surrenders willingly to his inextricable and essential right which is freedom. Free individual means free thought, free thought and behavior lead to invention and change toward progress and civilization. (John Locke) who is considered as forefather of the idea of civil society believes that it is necessity for creating a civil society human rights and public freedoms should be guaranteed.

**Key Words:** Kurdistan Society, Freedom, Human Rights, Law, Social Contract.

**Recommended citation:**
Qadeer, A.Z. (2018). Freedom in Kurdistan Society- In the light of social contract theory John Locke. *International Journal of Kurdish Studies* 4 (1), 142 – 154, DOI:

[1] Lecture, Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region- Iraq. E.mail: asrin.qader@su.edu.krd

# ئازادی لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا- لەبەر رۆشنایی تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی جۆن لۆک[2]

م. ئەسرین زرار قادر

## پێشەکی

ئازادی مافێکی بنچینەیی و بەهادارە، پەیوەستە بە سروشتی مرۆڤ، بۆیە هەمیشە پاراستنی بە پرسێکی گرنگ و هەستیار دادەنرێت لەسەر ئاستی تاك، گرووپ و کۆمەڵگەکان. مرۆڤ ئەو بوونەوەرە جیایەیە کە خاوەن عەقڵ و زمانە بۆئەوەی بیربکاتەوە و بۆچوونەکانی دەربڕێت. واتە ئازادە لە گوتار و کردارەکانی وەك مافێکی سروشتی بنچینە یی. مرۆڤایەتی بەدرێژایی قۆناغە مێژووییەکان تا گەیشتن بە رۆژگاری ئێستا لە هەوڵی سەلماندنی ئەو راستییە دایە کە مافی ئازادی بە هەموو جۆرەکانییەوە، بابەتێکی تیۆری رووت نییە بە بەخشین یان بە دەستهێنان گوزارشتی لێبکرێت، بە ڵکو بەشێکی جیانەکراوەی پێکهاتەی رۆحی و کرداری خودی کەسەکانە؛ بەو مانایەی لەدایکبوونی ئازادانەی کەسێك، ئازادی دەکاتە جەوهەری بوون. واتە بوون و ئازادی تەواوکەری یەکترن. مرۆڤی ئازاد خاوەنی هزری نوێ و ئازادە، ئەمەش بۆخۆی هەوێنی ئەفراندن و داهێنانە کە دواجار کۆی هزر و توانا ئازادە کان بەدیهێنەری گەشەکردن و پێشکە وتنی کۆمەڵگەن. لە سەدەکانی کۆن و ناوەڕاست ئەوروپا بەتایبەتی و مرۆڤایە تی بەگشتی، تیایاندا مافی ئازادییە گشتییەکان پێشێلکراو بوو کە تەنها هەندێك چین و توێژی تایبە تی کۆمەڵگە مافی پیادەکردنی ئازادییەکانیان هەبوو، بەڕادەیەك توێژەکانی منداڵان و ژنان لە ریزی کۆیلەکان دادەنران و لە سادەترین و سە رەکیترین مافەکان کە ئازادی یەکێکیانە بێبەشکرابوون، بۆیە فەیلەسوف و تیۆرڤانانی ئە و سەردەم و بە تایبەتیش بیرمە ندانی سە دەکانی حە ڤدە و هە ژدە لە تیۆرەکانیاندا زیاتر پێداگیرییان لە سەر پێویستیێتی دە ستەبەرکردن و پاراستنی مافە مەدەنی و سیاسییە کان کردبوو. بیرمەند و تیۆرڤانی بە ریتانی (جۆن لۆك) لە تیۆری (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) بە روونکردنەوە و شیکردنەوەی ژیانی مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا، بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە ئازادی و رزگاربوونی تاکە کەس لە ستەمەکانی سیستمی فەرمانڕەوایی رەها خستۆتەڕوو.

لەم توێژینە وەیەدا هە وڵدراوە شیکرنەوە بۆ رە وش و بارودۆخی هە نووکەیی مافی ئازادی لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا بکرێت، بە گەڕانەوە بۆ بۆچوونەکانی (لۆك) سەبارەت بە مافی ئازادی و چۆنییە تی گەیشتنی مرۆڤ بە ئازادی مە دەنی هە روەها رۆڵی حکومە ت لە پاراستنی ئەو مافەدا بەو شێوە یەی کە لە ناوەڕۆکی تیۆری گرێبە ستە کۆمەڵایەتییەکەیدا هاتووە. جێی ئاماژە یە ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای پێشە کی پێکهاتووە لە رەگەزە سەرەکییەکان و میتۆدۆلۆژیایی توێژینەوەکە هەروەها تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی (جۆن لۆك) و شیکردنەوەی رەوشی مافی ئازادی لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا دە گرێتەخۆ، لە کۆتاییشدا دەرئەنجام و راسپاردە و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

### ١/ رەگەزە سەرەکییەکان و میتۆدۆلۆژیایی توێژینەوەکە

چوارچێوەی میتۆدۆلۆژیا و رەگەزە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

#### ١-١ کێشەی توێژینەوەکە

خاڵی دەستپێکی هەر توێژینەوەیەکی زانستی ئەو بابەتەیە کە وەك کێشەیەك یان پرسێکی ئاڵۆز لە هزر و خەیاڵی توێژەردا گە ڵاڵەدەبێت و دواجار بە چەند پرسیارێکی سە رەکی گوزارشتی لێدە کرێت. پرسی مافی ئازادی ئە و کێشە جیهانییە بەردەوامەیە کە بەشێکی زۆری مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرقاڵکردووە. لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا کێشەی بنەڕەتی ئازادی لە چۆنییەتی پیادەکردن، رادە و ئاستی ئە و مافە دایە، سەرەڕای بە یاساییکردنی وەکو مافێکی سەرەکی مرۆڤ، کەچی سستی دەستەبەری یاسایی و بێهێزی رێ و شوێنەکانی پاراستنی، ئاستی پێشێلکارییە کانی زیاتر کردووە. دەکرێت کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەم پرسیارە سەرەکییانەوە دەست پێبکات، لە کاتێکدا ئازادی مافێکی بنچینە یی

---

[2]- ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە تێزی دکتۆرا بەناونیشانی (رۆڵی دامەزراوە نیشتیمانییەکان لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ ) بەسەرپەرشتی (پ.ی. د. سەلیم پەتروس ئیلیاس)، وەک مەرجێک بەر لە تەواوکردنی تێزەکە پێویستە بڵاوبکرێتەوە.

مرۆڤە ئایا هاووڵاتییان لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا بە پێی سنووربەندە یاساییەکان دەتوانن پیادەی مافی ئازادی بکە ن بە هەموو جۆرەکانییەوە؟ ئایا لە مافی ئازادیدا یەکسانن؟ ئایا بۆچی و چ جۆرە ئازادییەك بە یاسا ڕێکخراوە؟ ئایا هاووڵاتییان بەرادەی پێویست هۆشیارن و لە مانای ئازادی تێگە یشتوون؟ ئایا حکومە ت و دە سەڵاتی سیاسی توانا و هزری ئازاد پەسنددەکەن؟ بە پشتبەستن بەو بنەمایەی کە ئازادی مافێکی یە کسانە بۆ هەمووان، هەر بەو شێوەیەی کە (لۆك) لە تیۆرەکەیدا جە ختی لە سەر کردووە تەوە، لە م توێژینە وەیەدا هە وڵدراوە ڕوونکرنەوەی پێویست بۆ ئە م پرسیارانە بخرێتەڕوو.

### ١-٢ گرنگی توێژینەوەکە

تیشك خستنەسەر ڕەوش و بارودۆخی هە نووکەیی سەبارەت بە مافی ئازادی لە کۆمەڵگەی کوردستانی، بە پشتبەستن بە تیۆری زانستی و شیکرنەوەی کۆمەڵایەتی و یاساییانە بۆ ئەو بارودۆخە گرنگی زانستییانەی ئەم توێژینەوەیە دەردەخات.

### ١-٣ ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئامانجەکانی پشت ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەی خوارەوەن:

•ئایا هاووڵاتییان لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا دەتوانن پیادەی مافی ئازادی بکەن؟

• ئایا هەموو هاووڵاتییان یەکسانن لە مافی ئازادیدا؟

•ئایا بۆچی و چ جۆرە ئازادییەك بە یاسا ڕێکخراوە؟

•ئایا دەسەڵاتی سیاسی هزری ئازاد پەسنددەکات؟

### ١-٤ میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە بە شێوازی شیکاری رە خنەگرانە بە پشتبەستن بە میتۆدی (شیکاری ناوەڕۆك) رادە و ئاستی مافی ئازادی لە کۆمەڵگەی کوردستانی هەڵسەنگاندووە، بە گەڕانەوە بۆ تیۆری (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) لەلای (جۆن لۆك)، بە تیشك خستنەسەر بنەمای یەکسانی لە مافی ئازادیدا بۆ هەمووان. میتۆدی (شیکاری ناوەڕۆك) بۆ توێژینەوە لە ڕەفتاری مرۆیی، دیاردە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە کاردێت بە شێوەیەکی ناڕاستە وخۆ، لە ڕێگای پشتبەستن بە بەڵگەنامە، بیرەوەری، گوتار و ئە رشیف...تد. زانایان (ولیەم کوود و بی هات ) لە کتێبی (طرق البحث ألإجتماعی) پێناسەی ئەم میتۆدەیان کردووە بەوەی لە لێکۆڵینەوەی وتار و توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێت بە شێوازی شیکاری بە گەڕانەوە بۆ دەستەواژە، زاراوە، بیروبۆچوون و وشە کان کە توێژەر لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی ئەمانە دەگاتە هۆکار و تەوەرە بنچینەییەکان و ئاشنا دە بێت بەو بارودۆخ، هۆکار و پاڵنە رانەی وای لە توێژەر کردووە بگاتە دەرئەنجامی توێژینەوەکەی. (الحسن، 2005، ص162،163)

### ١-٥ چەمکەکانی توێژینەوەکە

دەکرێت لە چەند پێناسەیەکدا چەمکە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە ڕوون بکەینەوە کە ئەمانەی خوارەوەن:

•مافەکانی مرۆڤ

مافەکان کۆمەڵێك بە های دیاریکراو و جێگیرن کە سروشتی یان دانراون بـەپێی یاسا، بە شێکی دانەبڕاون لە سروشت و بوونی مرۆڤ . بیرمەندی سیاسیی بە ریتانی(هارۆڵد لاسکی )پێی وایە ماف حاڵە تێکی یامە تیدەرە لە دروستکردنی کەسێتی مرۆڤ، وایلێدە کات ببێتە شێوە و ڕووخسارێکی تە واو.(یحیی، 2009، ص17) مافەکانی مرۆڤ بریتین لە دەستبەرکردن و پاراستنی مانای مرۆڤایە تی لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمە ڵایەتی و کولتووری.(قرقور، 2010، ص27) لە گۆشەنیگای تیۆری مافی تاکە کەسی، مافەکانی مرۆڤ بریتین لە کۆمەڵێك مافی سروشتی کە تاك هەیەتی پێش دروستبوونی دە سەڵات، بەڵکو بنەمای بوونی دەسەڵات بریتییە لە پاراستنی ئەو مافانە و لەناوبردنی ناکۆکییەکانی نێوان تاکەکان لە کاتی پیادەکردنی مافەکانیان هەروەها ڕێگریکردن لە بەرهەڵستی و دژێکی کە لە ڕێگای بەکارهێنانی ئەو مافانەدا ڕوودەدەن کە لە گرنگترینیان مافی یەکسانی و ئازادی تاکە کەسییە.(خالد، 2012،

ص22،23) پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکی مافەکانی مرۆڤ لەم توێژینەوەیەدا بەم شێوەیە: مافەکانی مرۆڤ ئەو پابەندییە یاساییە نێودەوڵەتیانەن کە پێویستە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق و دەسەڵاتی سیاسیی کوردی پەرەپێدراو و پارێزراوبن بۆ هاوولاتییان لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا، بە چاوپۆشین لە جیاوازییەکانی جێندەری، کولتووری، نەتەوەیی، بیروباوەڕی تد ... کە دەستەبەربوونی ئەو مافانە بنەمای ڕێزگرتن و بە هاداری مرۆڤ لە سەر هەمووان بسەپێنێت.

•ئازادی

ئازادی ئەو مافە بەهادارەیە کە مانای بوونی مرۆیی تەواودەکات، بەبێ ئازادی مرۆڤ ناتوانێت گوزارشت لە کەسێتی ڕاستەقینەی خۆی بکات، هە روەکو (بیرگسۆن) وایدەبینێت مرۆڤ ئازاد نابێت تە نها لە کاتێکدا نە بێت کە کردارەکانی مۆرکی کەسێتی خۆی پێوە بێت.(ئیبراهیم، 2013، ص35) ئازادی یەکێکە لەو چەمکانەی کە پێناسەکردنی کارێکی ئاسان نییە و لە نێوەندە فەلسەفی و هزرییەکاندا مشتومڕێکی زۆری لە سەرە. فەیلەسوف و بیرمەندی فەڕەنسی (مۆنتسکیۆ) لە سادەترین و پڕماناترین پێناسەدا بۆ ئازادی پێی وایە ئازادی بریتییە لەوەی تاکەکان ئەوەی دەبێ بیانەوێت، بیانەوێ و ئەنجامی بدەن و ئەو شتانەی نایانەوێت ناچارنەکرێن بە ئەنجامدانی. بەو مانایەی مرۆڤ مافی ئەوەی هەبێ هەر کارێك ئەنجامبدات کە یاسا مۆڵەتی پێداوە و ئەوەشی یاسا قەدەغەی کردووە و لەبەرژەوەندی ئەوی نەزانیوە ناچار بە ئەنجامدانی نەکرێت.(مونتسکیو، 1953، ص225،226) بە بۆچوونی (ڤۆڵتێر) ئازادی بریتییەلە وابەستەبوون بە یاسا و بە جێهێنانی. لەلای (هیگڵ) ئازادی مرۆڤ دیاردە یەکی کۆمە ڵایەتییە، چونکە پێویستییەکی بنچینە یی تاکە کانە و لە ڕێگای هە ولی بە کۆمەڵییەوە دەستەبەردەبێت.(جەهانبەگلوو، 2009، ل 185،113) ئازادی بە هایەکی کۆمە ڵایەتی ئەرێنییە، مافی هە ڵسوکەوتکردنی بێ کۆت و بە ند دە بەخشێت بە تاك و گرووپە کان، بەمەرجێك ئەم مافانە زیان بە مافەکانی ئە وانی دیکە نەگەیەنن و لە گەڵ دیسپلین، یاساکانی کۆمە ڵگە، ڕێنمایی، نموونە و داب و نە ریتەکانیدا یەکترنەبڕن.(ئەلحەسەن، 2012، ل12) دەکرێت پێناسەی ڕێکاری لەم توێژینەوەیەدا بۆ چە مکی مافی ئازادی بریتیبێت لەو مافە بنچینەییەی کە هاوولاتییان لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا بە شێوەیەکی یەکسان، بەپێی سنووربەندە یاساییەکان، بۆیان هەیە پیادەی بکەن بەبێ هیچ جۆرە ڕێگری و ناچارکردنێك کە نەبێتە هۆکاری ئازار گەیاندن و بەرتەسکردنەوەی ئازادی ئەوانی دیکە.

•کۆمەڵگە

گردبوونەوەی کۆمەڵایەتییانەی بەردەوامی کۆمەڵێك خەڵك لەسەر پارچە زەوییەکی دانپێنراو و دیاریکراودا، بە کۆمەڵگە ناودەبردرێت. پێناسەی زۆر و جۆراوجۆر بۆ ناساندنی کۆمەڵگەی مرۆیی کراوە بۆ نموونە، کۆمەڵگە بریتییەلە سستمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە لە نێوان تاکەکەسەکاندا هەیە یاخود کۆمەڵە کەسێکن بەشێوەیەکی کەم تا زۆر ڕێکخراون و ئە ندامەکانی بەیەکەوەبەستراون هەروەها خاوەن کولتووری تایبە تن.(موحسنی، 2006، ل86) دەکرێت کۆمەڵگە بریتیبێت لە سستمێکی کۆمەڵایەتی بەردەوام لە مانەوەدا کە خاوەن هێزی تایبەتە و جۆری ڕەگەزی و پێکهاتەی جیاوازی تەمەنی، پیشەیی و چینایەتی جۆراوجۆر دەگرێتەوە.(الصقور، 2009، ص270) بەپێی بابەتی ئەم توێژینەوەیە چەمکی کۆمەڵگەی کوردستانی بریتییەلە نیشتەجێبوون و پێکەوە ژیانی کۆمەڵێك پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی جیاواز، لە سنوورێکی جوگرافی- سیاسی دیاریکراودا کە کولتووری تایبەت و کۆمەڵێك ئامانجی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە.

***٢/ تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی (جۆن لۆك) و شیکردنەوەی ڕەوشی مافی ئازادی لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا***

لەم بەشەدا لەسەر بنەمای خستنەڕووی تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی (جۆن لۆك) خوێندنەوەیەکی بابەتییانە بۆ بارودۆخی مافی ئازادی هاوولاتییان لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا کراوە.

تیۆری گرێبە ستی کۆمە ڵایەتی بە شێوەیەکی گشتی کاریگەری بە رچاوی هە بوو لە بەرەوپێشبردنی ڕە وشی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمە ڵگای ئەوروپی لە سەدەی حەڤدە. بڵاوبوونەوەی بیرۆکە و ڕێنماییەکانی قوتابخانەی یاسای سروشتی کاریگەری هەبوو لەسەر بیرمەندانی سەدەکانی حەڤدە و هەژدە کە لەسەر دوو بیرۆکەی سەرەکی وەستابوون: یەکەمیان- خاوەندارێتی تاك بۆ مافە سروشتییەکانی بەهۆی سروشتە مرۆڤایەتییەکەی، دووەمیان- بوونی دۆخی سروشتی کە مرۆڤ تیایدا بە ئازادی ژیاوە پێش دروستبوونی دە وڵەت. تیۆرڤانانی گرێبە ستی کۆمە ڵایەتی لە و بیرۆکە یە ووردبوونەتەوە و پرسیاریان کردووە ، چۆن مرۆڤ لە دۆخە سروشتییەکەی دە رچووە بۆ ئە وەی ببێتە ئەندامێکی

دەوڵەت؟(مجذوب، 2014، ص48،47) لە دۆخی سروشتیدا کە تاك ئازادی رەهای هەبووە، بە بەردەوامبوونی ئەم دۆخە نەیتوانیوە بەردەوامی بە ژیانی کۆمەڵگە بدات. ئەم تیۆرڤانانە گفتوگۆیان لەسەر ئەوەبوو کە تاکەکان ناتوانن بەشێوەیەکی هەماهەنگی لەگەڵ یەکدیدا بژین بەبێ سنووردارکردنی ئازادییەکانیان و پەیرەوکردنی رێکخستنێکی مەدەنی بۆ کارلێکی ئاشتییانەی نێوانیان کە دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی جۆرێك دەسەلات لە شێوەی دەوڵەت.(Welch, 2012, p.3) ئەوان باوەڕیان وابووە دەوڵەت دروست نە بووە، بەڵکو ئەنجامی رێککەوتنی گرێبە ستێکە لە نێوان خەڵك کە بەپێی ئەو رێککەوتنە، لە دۆخی سروشتی دە رچوونە بۆ دروستکردنی کۆمە ڵگەیەکی سیاسی، واتە دەوڵەت.(جرار،2012، ص155) کەواتە گرێبەستی کۆمەڵایەتی بریتییەلە رێککەوتنی نێوان فە رمانڕەوا و فە رمانبەسەرکراو کە لایەنی یەکەم کار لەسەر دەستەبەرکردنی مافەکانی لایەنی دووەم دەکات لە بەرامبەر پابەندبوون بە ئەرکەکانیان و ملکە چبوون بۆ بڕیارە گشتییەکان.(الربیعی، 2011،ص29) دەکرێت بڵێین تیۆری گرێبە ستی کۆمەلایەتی، وەك ئەنجامی پەرچەکردار بەرامبەر بە (تیۆری مافی خودایی ) دەرکەوت؛ ئەو تیۆرەی مافی رە های بەخشیبووە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و سستمی پاشایەتی ئەوروپاش بە دەرفەتێکی زانیبوو بۆ پەرەپێدانی مافی رەهای دەسەڵاتەکانی.

### ٢-١ پوختەی تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی (جۆن لۆك 1632- 1704)

تێڕوانین و بیرۆکە کانی فەیلەسوف و بیرمە ندی بەریتانی (جۆن لۆك ) دەربارەی مافەکانی مرۆڤ، یاسا و سستمی فەرمانڕەوایی کاریگەری بەرچاویان هەبووە لەسەر شێوازی فەرمانڕەوایی و بارودۆخی سیاسی بەگشتی. (لۆك) بە یەکێك لەو فەیلەسوفە دیارانە دادەنرێت کە بەشداری گرنگی هەبووە لە مێژووی دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و رەخنەگرتن لە سستمی فەرمانڕەوایی پاشایەتی رەها، پێی وابوو دەسەڵاتی خەڵك لەسەرووی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتییە. (لۆك) لە کتێبی (دوو نامە دەربارەی فە رمانڕەوایەتی-1690) تێڕوانینەکانی بۆ دۆخی سروشتی، یاسای سروشتی، گرێبەستی کۆمەڵایەتی، چۆنییەتی دروستبوونی دەوڵەت و بونیادنانی کۆمە ڵگەی مەدەنی خستۆتەڕوو. پێی وابوو دۆخی سروشتی حاڵەتی جەنگ و ململانێ نەبووە، بەڵکو تاکەکان چێژیان لە ئازادی، یەکسانی و ئارامی وەرگرتووە، چونکە لە سروشتدا کەس مافی لە کەسێکی دیکە زیاتر نەبووە هەروەها عەقڵی سروشتیش وا فێریکردوون، لەبەرئەوەی هەموویان ئازاد و یەکسانن، نابێت کەس زیان بە ژیان و ئازادییەکانی ئەوانی دیکە بگەیەنێت. (Locke, 1977,P.4)

(لۆك) لەم تێڕوانینانەی بۆ دۆخی سروشتی، تیشك دەخاتەسەر کۆمەڵێك بابەتی گرنگ. ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە

مرۆڤ خاوەنی کۆمەڵێك مافی سروشتییە وەك ژیان، ئازادی، یە کسانی، پارێزراوی جە ستەیی و خاوە ندارێتی تد..... . ئەو مافانە پارێزراو دەبن ئەگەر هەمووان پابەندی یاسای سروشتی بن، سە رەڕای ئەوەش پێی وابووە بوونی یاسای سروشتی بەس نەبووە بۆ ئەوەی دۆخی سروشتی لەگەڵ ژیانی مرۆڤ و بەردەوامبوونی گونجاوبێت، چونکە مرۆڤ بۆ ئەوە دروستنەبووە بەتەنهایی بژیێت، بۆیە لەبەر هە ندێك پابە ندی بە هێز تێکە ڵ بە ژیانی کۆمە ڵگە بووە. کۆمەڵگەی سیاسی (مەدەنی) ئەو کاتە دەستەبەردەبێت کە تاکەکان دەستبەرداری مافە سروشتییەکانیان بن لە بەرامبەر یاسایەکی گشتی و دە سەڵاتێکی دادوەری کە ئەرکی پاراستنی ئە و مافانە و سزادانی سە رپێچیکاران بگرێتە ئەستۆ، لە کاتێکدا لە دۆخی سروشتیدا ئەو ئەرکە لە ئەستۆی چەند کەسێك بووە.(Locke, 1967, sec.77-78)

ناوەڕۆکی گرێبە ستی کۆمە لایەتی بە رای (لۆك) رێککەوتنی واژووکراوی نێوان دوو لایە نە، هاووڵاتییان لەلایەك و دە سەڵاتی فەرمانڕەوا (حکومەت) لەلایەکی دیکە؛ بۆ پێکهێنانی کۆمە ڵگەیەکی سیاسی لە پێناو دروستکردنی رێکخستنێك کە بتوانێت یاسا پراکتیزە بکات، بەمەبەستی پاراستن و پەرەپێدانی ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتییان. ملکەچی کۆمەڵگە بۆ ئەو دەسەڵاتە و پابەندبوون بە بڕگەکانی رێککەوتنەکە، حکومەت (دەوڵەت) ناچاردەکات بە پابەندبوون بە دەستەبەرکردنی مافەکانی تەواوی هاووڵاتییان. ئەگەر حکومەت بڕگەکانی گرێبەستە واژووکراوەکەی پێشێلکرد، ئە وە گرێبەستەکە هەڵدەوەشێتەوە و هاووڵاتییان (گەل) مافی ئەوەیان هەیە لایببەن و حکومەتێکی دیکە دروستبکەن کە پابەندی پاراستن و رێزگرتنی مافەکان بێت.(Locke, 1967, sec.96)

ئەو خاڵە گرنگەی (لۆك) لە تیۆرەکەیدا جەختی لەسەر کردۆتەوە، مافی بڕیاردان و بەشداریکردنی هاووڵاتییانە لە ژیانی سیاسیی و دروستکردن و هە ڵبژاردنی دە سەڵاتی فە رمانڕەوایەتی، ئە مەش سستمی دە سەڵاتدارێتی رە ها رەتدەکاتەوە. بۆیە پێداگیری لەوە کردووە کە دەسەڵاتی یاسادانان بە تەنها بەرزترین دەسەڵاتی دەوڵەت نییە، بەڵکو پیرۆزە و بە هیچ شێوەیەك ناکرێت بگۆڕدرێت لە لایەن ئەو کەسانەی کە کۆمەڵگە ئەو ئەرکەیان پێدەسپێرێت. دەسەڵاتی باڵا

ناكرێت ستەمكار و ڕە ها بێت لە هەڵسوكەوتكردن لەگەڵ هاوولاتییانی، چونكە هەر كەسێك دەسەڵاتێكی لەم شێوەیەی هەبێت بۆ وێرانكردنی ژیان و دە ستبەسەرداگرتنی خۆی یان كە سانی دیكە بەكاریدێنێت، بە ڵكو دە سەڵاتی یاسایی تەرخانكراوە لە پێناو پاراستنی بە رژەوەندی گشتی كۆمەڵگە و پێویستە ڕەچاوی بەندەكانی یاسای سروشتیش بكات . ( Locke,1967,sec. 134)

سەبارەت بە مافی ئازادی (لۆك) پێی وابوو مرۆڤ خاوە نی دوو جۆر ئازادییە كە ئەوانیش ئازادی سروشتی بەوەی مرۆڤ ئازادە لە هەر دەسەڵاتێك و ئازادی مەدەنی كە لەسایەیدا تەنها ملكەچی ئەو دەسەڵاتە دەبێت كە ڕەزامەندی پێبەخشیوە. ئەوەی ڕوونكردۆتە وە كە پابەندی هاوولاتییان بۆ پە یڕەوكردن لە یاسادا تە نها دە توانرێت لە ڕێگای ڕەزامەندی كەسی هاوولاتی بۆ دە سەڵاتی یاسا دروستبكرێت. واتە هەوڵیداوە ڕەوایەتی بە دەسەڵاتی دەوڵەت ببەخشێت، ئەنجامی ئەمەشی لە تیۆری گرێبەستی كۆمەڵایەتی بۆ دەركەوت كە پاساوەكانی بوونی دەوڵەت و پابەندی دوو لایەنەی نێوان دەوڵەت و هاوولاتییانی تێدا خستە ڕوو.(Dunfee et al, 1999, pp.14-33) سەبارەت بە ئازادی ئایین و بیروباوەر(لۆك) پێی وابوو دە وڵەت و كڵێسا لە یەكتردابڕاو نین، بە ڵام هە ریەكەیان لە بواری تایبە تی خۆیاندا دە بێت كاربكەن، دەسەڵاتی سیاسیش نابێت لە دوو سەرچاوە دەربچێت، پێویستە دەوڵەت ئایین بە ڕێوەبەرێت. كەس ناتوانێت باوەڕ بە ئایین و ئایینزایە كی بە زۆر سە پێنراو بێنێت . بۆیە هەموو ئایین و بیروباوە ڕە جیاوازەكان ڕێگە پێدراون. لێبووردەیی لە نێوان ئەو كەسانەی ئایینیان جیاوازە، عەقڵ پێی ڕەزامەندە، كێشەكان لە جیاوازی بیر و بۆچوونەكان نییە كە ئایینەكان ناتوانن خۆیانی لێ لابدەن، بەڵكو لە نەبوونی لێبووردەییە بەرامبەر ئەوانەی كە بۆچوونیان جیاوازە.(لۆك، 2011، ل59،40)

***٢-٢ شیكردنەوەی ڕەوشی مافی ئازادی لە كۆمەڵگەی كوردستانیدا***

دوای خستنە ڕووی پوختە ی ناوە ڕۆكی تیۆری گرێبە ستی كۆمە ڵایەتی لە لای (لۆك) لەبەر ڕۆشنایی ئە و بنەمایەی كە پێی وایە (خەڵكی هەموویان ئازادن، لەژێر ڕۆشنایی یاسادا، لە مافی ئازادیشدا یەكسانن) بارودۆخی ئازادی هاوولاتییان لە كۆمەڵگەی كوردستانیدا دەخەینەڕوو.

(لۆك) لە تیۆرەكەیدا جەخت لەسەر مافێكی بنچینە یی دەكات كە پەیوەستە بە سروشتی مرۆڤ و پێكهاتە یەكی جەوهەری بوونی مرۆییە، بەهۆی مرۆڤبوونەوە، ئەویش بریتییەلە مافی (ئازادی)، بەڵام سنووردار و لە هەمان كاتدا یەكسان بۆ هە مووان. ئەو ئاماژەیەی (لۆك) بۆ ئازادی سنووردار بە پێی یاسا، ڕۆڵێكی كاریگە ر و گە ورەی گێڕاوە لە دەركەوتن و گرنگیدان بە دەستوور لە سەرەتاكانی سەدەی هەژدە لە ئەوروپا و ئە مریكا بەتایبەتی بە تیشك خستنەسەر بیرۆكەكانی یاسای سروشتی، گرێبە ستی كۆمە ڵایەتی و مافە كانی مرۆڤ؛ لە وابەستەیی نێوان دە ستوور و سستمی دیموكراسی لە فەرمانڕەواییدا.

ڕێبازی دەستووری كۆن، كاریگە ربووە بە دەستووری ساڵی (1787) ی ئەمریكا كە لەسەر بنەمای ئازادی تاكەكەسی دانرابوو هەروەها ڕاگەیەنراوی فەرەنسی بۆ مافەكانی مرۆڤ و هاوولاتی (1789) پشتبەستو بووە بەهەمان بیرۆكەی پە یوەندی نێوان دە ستوور و سستمی دیموكراسی كە لە ماددەی (16)دا جە ختی لە وە كردۆتەوە؛ هە ر كۆمەڵگەیەك نە توانێت مافی تاكە كانی دابینبكات و سوود لە بنەمای جیاكردنە وەی دە سەڵاتەكان نە بینێت، ئە وە كۆمەڵگەیەكی بێ دەستوورە. ئەم تێگە یشتنە كە بە درێژایی سە دەی نۆزدە بەردەوامبووە، ئەو دە رئەنجامە هزریەی لێكەوتۆتەوە كە ڕەهایی و بە پیرۆزدانانی ئازادییە كان بەبێ بوونی دەسەڵاتێك كە پیادەكردنی ڕێكبخات، دە بێتە هۆی ڕوودانی گێرە شێوێنی. هەربۆیە زانای فە ڕەنسی (مۆریس هۆریۆ Maurice H.) دەستووری ناساندووە بەوەی كە بریتییەلە (( هونەر یان ڕێسای ڕێكخستنی ئازادی )). لە سەرەتای سەدەی بیستەم ئەم بیرۆكەیە گۆڕانی بەسەرداهات، بە واتایەكی دی دەستوور پێویستییەك بوو بۆ هە ر وڵاتێك جا سستمە سیاسییەكەی فەرمانڕەوایەتی دیموكراسی بووبێت یان ڕەها، بە پێی ڕێبازی دە ستووری نوێ ، چونكە دەستوور بریتییە لە ڕێكخستنی دە سەڵات. لە كۆی ئەو دوو بیرۆكە یە (ئەندریە هۆریۆAndre H.) بەو بڕوایە گەیشت كە چییەتی و گرنگی سە رەكی ڕێسای دە ستووری، دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەكی گونجاوە لە نێوان دە سەڵات و ئازادی، لە بەرئەوە پیادەكردنی دە سەڵات مە بەستێك نییە ، بە ڵكو بریتییە لە ئامرازێك بۆ هێنانە دی بەرژەوەندی هاوولاتییان هە روەها ئازادی مافێكی ڕە ها و بێ سنوور نییە ، بە ڵكو كۆنتڕۆڵی دیاریكراوی هەیە بۆ پیادەكردنی بە ڕێگای دەسەڵاتێكی ڕێكخراو، ئەگەر وانەبێت دەگۆڕێت بۆ گێرەشێوێنی.(الطهراوي،

2007، ص297،296،295) کەواتە دەستوور نە بۆ سنووربەندی ئازادی و نە بۆ ڕێکخستنی دەسەڵاتە بەتەنها، بەڵکو کۆمەڵێك ڕێسای یاساییە بۆ دروستکردنی هاوسەنگی و ڕێککەوتن لە نێوان دەسەڵات و ئازادی.

ئەم بۆچوونانە لەژێر کاریگەری بیرۆکە سەرەکییەکەی (لۆك)ە، لەبارەی ئازادی سنووردار و ڕێکخراو بە یاسایەکی دیاریکراو، چونکە پێچەوانەی ئەو بارودۆخە مافەکانی مرۆڤ و ئاسایشی ژیان و گیانی هاوولاتییان بۆی هە یە بکەوێتە مەترسییەوە. ئەم بیرۆکە یەی (لۆك) لە (ڕاگەیەندراوی جیهانی مافە کانی مرۆڤ- 1948) جەختی لە سەر کراوەتەوە کە لە بەندی (1)دا هاتووە ((هەموو مرۆڤە کان بە ئازادی لە دایك دە بن و یە کسانیشن لە کەرامەت و مافدا....))(حکومەتی هەرێمی کوردستان،2006، ل 1). بە بۆچوونی (لۆك) مرۆڤ ئازادی سروشتی گۆڕیوە تەوە بە ئازادی مەدەنی، کاتێکیش باس لە ئازادی مەدەنی دەکرێت، دەبێت کۆمەڵگەیەکی مەدەنی- دیموکراسی بوونی هەبێت کە یاسا فە رمانڕەوایەتی بکات؛ ژیان، ئازادی و تە واوی مافە کانی ە اوولاتییان تیایدا بە یاسا دیاریکراو، دە ستەبەر و پارێزراوبن. هەروەکو (ئیلیاس مە ڕقس) وای بۆ چووە ناکرێت قسە یەك لە بارەی ئازادییە وە بکرێت بە بێ قسەکردن لەبارەی عە قڵ، ماف، یاسا، کۆمە ڵگە، دە وڵەت، تاك، نە ژاد، شوناس، کار و بە ها هە روەها ناکرێت لە بارەی دیموکراسییەوە بدوێین بەبێ چەمکی دەوڵەت و دە وڵەتی دیموکراسی بە بێ قسەکردن لەبارەی پێشکەوتن و گوزە رانی خەڵك...(الربیعی، 2011، ص 54،53) ئاخۆ لە و گۆشە نیگایەوە ئازادی لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا بوونێکی بەرجەستەکراوە، یان تەنها وەهمێکە و دوورە لە ڕاستییەوە؟

فەیلەسوفی فەڕەنسی (لاڤێڵ Lavelle) پێی وایە ئازادی نە دیاردە و ڕووداوە، نە تایبەتمەندی و جۆرێتییە ، بەڵکو کردارە . بەومانایەی ناکرێت هە ست بە ئازادی بکرێت، تە نها لە ڕێگای ئە و کردارە وە نەبێت کە پێی دێتەدی.(ئیبراهیم، 2013، ل45) ئەگەر ئازادی تەنها کردار بێت، ئەوە بنەمای سەرەکی هەر کردەوەیەك بیرۆکەیەکە. لە کاتێکدا هیچ کە سێك بۆی نییە ڕێگا لە مافی بیرکردنە وەی مرۆڤ بگرێت و سنوورداری بکات، بە ڵام مە بەست لە سنووردارکردنی مافی ئاز ادی دیاریکردنی ئەو ئاستەیە کە هەست، ویژدان، بە ها و ڕێزی مرۆڤایە تی بپارێزێت. کەواتە نە دەسەڵاتی سیاسی و نە یاساکان مافی ئەوەیان نییە مرۆڤ لە مافی ئازادی ژیان، رادە ربڕین و بیروباوەڕ بێبەشبکەن یان بەرتەسکی بکەنەوە، تەنها لەو بارودۆخە نەبێت کە ببێتە هۆکاری بێ ڕێزی و پێشێلکردنی ئازادی ئە وانی دی یان پێچەوانەی ئادابی گشتی بێت بەپێی یاسا.

وەك ئاشکرایە دەستوور بەڵگەنامەیەکە کۆی ئەو ڕێسا دانراوانە لەخۆدەگرێت کە ڕێگا و شێوازی پیادەکردنی

دەسەڵات لە وڵاتدا ڕێکدەخات. هەروەکو (جۆرج سڵ G.Scelle) پێی وابوو ڕێسای یاسای دە ستووری بەواتای ڕێسای هاوسەنگی سیاسییە.(الشاوی، 2013، ص104،103) لە کاتێکدا کە بارودۆخی سیاسی لە هەرێمی کوردستان- عێراقدا بە قەیراندا تێپەڕدەبێت، لەپاڵ نەبوونی دەستووردا؛ کۆنترۆڵ و چاودێر یکردنی دەسەڵاتی سیاسی و راگرتنی هاوسە نگی سیاسی کارێکی ئاسان نابێت . بۆیە پرسی مافەکانی ئازادی هاوولاتییان هە میشە لە هەندێك بابە تدا هە ستیار و ڕێگە پێنەدراوە. ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی ڕێکخراو و سنووردار نە کرێت بە ڕێسای دەستووری، ئەوە ئازادی رەهای دەبێت بۆ لەناوبردن و پێشێلکردنی مافی هاوولاتییانی لە هەر پرس و بابەتێك کە بە مەترسی بزانێت بۆ سەرخۆی؛ لە بارودۆخێکی ئاواشدا مافی ئازادی پارێزراو نابێت و یاسا و دە سەڵاتی دادوە ریش ڕۆڵیان سست دە بێت. بۆیە پێویستە بەپێی یاسا ئازادییەکان پارێزراوبن و هە مووان یە کسان بن تیایدا بە بێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی جێندە ری، نە تەوەیی، ئایینی، کولتووری و پێگە ی کۆمە ڵایەتی، ئابووری و سیاسی، بە واتایەکی دی کاتێك ئازادی و دە سەڵات بە کۆمەڵێك ڕێسای یاسایی هاوسە نگ دە کرێن، بوارێك نامێنێتە وە بۆ جیاوازیکردن لە مافی ئازادییە گشتییەکانی نێوان دە سەڵاتدارێك و هاوولاتییەکی ئاسایی. ئایا لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا، یاسا توانیویەتی ئەو هاوسەنگییە رابگرێت؟ بەواتایەکی دی ئازادی کە مافێکی بنچینە یی مرۆڤە، بەو شێوە یەی کە لە یاسادا پارێزراوە بەکردەوە بۆ هەموو هاوولاتییان وە کو یەکە بەبێ جیاوازی؟

ئازادی بەبێ دەستەبەری یاسایی و ڕێ و شوێنی دیاریکراو بۆ وە رگێڕانی ئەو مافە لە تیۆرەوە بۆ کردار، گرنگییەکی نییە لە ژیانی مرۆڤدا . لە ماددەی (9) بڕگە (1) ی پە یماننامەی نێودە وڵەتی تایبە ت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان (1966) هاتووە ((هەموو کەسێك مافی ئازادی و ئاسایشی خۆی هە یە... نابێت کە س لە ئازادی بێبە ش بکرێت تەنها بەو هۆکارانە نەبێت کە بە یاسا دیاریکراون.))(UNITED NATIONS, 2016, p.44) لە دەستووری عێراقیدا (2005) لە ماددەی (15)دا هاتووە کە ((هەموو تاکێك مافی ژیان و ئاسایش و ئازادی هەیە)).(دستور جمهوریە

العراق، 2005) لە رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراقدا، ئەگەرچی تا ئێستا پەسند نەکراوە، بەڵام سەبارەت بە مافی ئازادی لە ماددەی (19) بڕگەی (2)دا هاتووە ((هەموو کەس مافی ژیان و ئازادی هەیە و بە یاسا نەبێت هیچ کەس لێیان بێبەش ناکرێت یان بە رتەسك ناکرێتەوە.))(پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق، 2009)

ئازادی مافێکی فرەلایەنە، بە کۆمەڵێك کردەوەی جۆراوجۆر گوزارشتی لێدەکرێت، ئەو ئازادییانە بەپێی ماددەی (38) بڕگەکانی (1,2,3)ی دەستووری عێراق و ماددەی (19) بڕگەکانی (9,10,11)ی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق، پارێزراو، دەستەبەر و رێکخراون بەپێی یاسا بەم شێوەیە:

•ئازادی رادەربڕین، بیروباوەڕ، ئایین و ویژدان.

•ئازادی رۆژنامەگەری، چاپکردن، ئاگاداری، راگەیاندن، بڵاوکردنەوە و مافی بەدەستهێنانی زانیاری.

•ئازادی کۆبوونەوە، مانگرتن و خۆپیشاندانی هێمنانە.

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە لە سەرەوە ئاڕاستەمان کرد دەکرێت بڵێین، ئەگەر لە بنەڕەتدا ئازادی بەپێی راگەیەنراو و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و لەبەر رۆشنایی دەستووری عێراق و رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراقدا؛ مافێکی سنووردار بێت بۆ هاووڵاتییان و بە یاسا رێکخرابێت، ئەوە لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا ئەو مافە دووجار سنووردارکراوە لە نەبوونی دەستوور و سستی رۆڵی یاساکان لە بەرامبەر فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی سیاسی. لە واقیعدا بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی ئەو دەسەڵاتە وایکردووە، پڕۆسەکانی چاودێری گشتی و لێپرسینەوەی یاسایی لە دەسەڵاتی سیاسی و شێوازی رۆڵبینینی ئەرك و بەرپرسیارێتییە یاسایی و ئاکارییەکانی سست بن. بۆیە ئازادە لە پێشێلکردن و بەرتەسککردنەوەی مافی ئازادی هاووڵاتییان.

یەکێك لەو ئازادییانەی کە لە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستاندا، کەمترین بواری پیادەکردنی هەبێت، ئازادی رادەربڕینە، بەتایبەتیش لە بواری کاری رۆژنامەگەریدا. سەرەڕای بوونی یاسای ژمارە (35)ی ساڵی (2007) کە لە ماددەی (2) بڕگەی (1)دا ئاماژە کراوە بە ئازادی کاری رۆژنامەگەریی و دەستەبەرکردنی مافی ئازادی رادەربڕین و بڵاوکردنەوە بۆ هەموو هاووڵاتییەك.(بڕیاری پەرلەمانی کوردستان- عێراق، 2007) ئامارەکان راستی ئەو بارودۆخە دەسەلمێنن کە پیادەکردنی ئەو مافە بەپێی پێویست نییە و پەسندکردنی یاساکە و گونجاوی لەگەڵ پێوەرە

نێودەوڵەتییەکان بۆ کاری رۆژنامەگەری، نەبۆتە هۆکارێك بۆ کەمکردنەوە یان نەهێشتنی پێشێلکارییەکانی ئازادی رادەربڕین و فراوانترکردنی مەودای پیادەکردنی ئەو مافە. بۆ نموونە، ساڵی (2013) بەپێی راپۆرتەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، پێشێلکارییەکی زۆر بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجامدراوە؛ لە کوشتن، زیندانیکردن، لێدان، سوکایەتی پێکردن و دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوە و ئامرازە رۆژنامەگەرییەکان. لەو راپۆرتانەدا هاتووە کە لە شەش مانگی یەکەمی (2013) دا (20) رۆژنامەنووس دوچاری (30) جۆری پێشێلکاری بوونەتەوە و لە شەش مانگی کۆتاییدا (42) رۆژنامەنووسی دیکە (27) جۆری پێشێلکارییان بەرامبەر ئەنجامدراوە.(ابو الکرم، 2014، ص28) ئاماری ئەم پێشێلکارییانە لە ساڵی (2016)دا بەرزبۆتەوە بۆ (73) حاڵەت.(عومەر، 2016، ل13،9)

یەکێکی دیکە لەو ئازادییانەی کە زۆرجار بە هۆکار و پاساوی جیاجیا و هەندێك جاریش بە ناچارکردن و بەکارهێنانی هێز، رێگە بە پیادەکردنی نادرێت، ئازادی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕینە، ئەگەرچی ئەنجامدان و پیادەکردنی ئەو مافە بە یاسای ژمارە (11)ی ساڵی (2010) لە هەرێمی کوردستاندا رێکخراوە (بڕیاری پەرلەمانی کوردستان- عێراق، 2010)، کەچی جارێکی دیکە ئامارەکان رێگریکردن و پێشێلکاری دەسەڵاتی سیاسی بەرامبەر بە هاووڵاتییان لە پیادەکردنی ئەو مافەدا پشتڕاستدەکەنەوە. بۆ نموونە لە ساڵی (2011) زیاتر لە (10) حاڵەتی کوشتنی خۆپیشاندەران لە پارێزگای سلێمانی ئەنجامدرا، لە سەرەتای ساڵی (2014) شدا خۆپیشاندەرێکی دیکە لە قەزای سەید صادق کوژرا.(ابوالکرم، 2014، ص41). لە ساڵی (2016)دا (42) حاڵەتی پێشێلکاری بەرامبەر بە خۆپیشاندەران لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆك روویاندا.(عومەر، 2016، ل27) ئەو ئامارانە تەنها ژمارە نین، بەڵکو نیشانەری

هزری دەسەڵاتی سیاسین لە بەرامبەر پرسی مافی ئازادی هاووڵاتییان دیاریکردن و ڕێکخستنی ئە و مافەش بە یاسا بەتەنها بەس نییە، ئەگەر هۆشیاریی و هزری ئازادیخوازانە بوونی نەبێت.

ئازادی لە ڕێگای ویژدانێکی هۆشیارەوە دێتەدی کە دیاریکەری ڕەهەند و سنوورەکانییەتی، ویستێکی تایبەتە و دەکرێت لەگەڵ ویستی گشتیدا یەکبگرێت یان بەرهەڵست بێت. ئازادی بەرهەڵستی کە (لە نموونەی ویستی گشتی بێدەنگدا بەرجەستە دەکرێت) بنەمای هەموو دیموکراسییە کە. دیموکراسییەت تەنها چە ملکێکی نێو دە ستوورەکان نییە ، بەڵکو ئەزموونێکە تاك لە نێو گرووپدا زیندووێتی پێدە بەخشێت؛ چالاکی و کاراییە کە لە چوارچێوەیەکدا کە بەیاساییبوونی کۆمەڵگەیی هەیە، دوای ئە وەی کە بە واقیعیەتی خۆی هۆشیار دە بێتەوە لە ئەزموونە ویژدانییەکان.(الحبابی، 2014، ص(32,33 کەواتە لە ڕێگای بونیادنانی سستمێکی دیموکراسییە وە، ئازادی چە کەرە دەکات و دە مێنێتەوە، لە ڕێگای یەکبوونی جە ماوەریشەوە دەپارێزرێت و پاڵپشتی دە کرێت. ( شارب،2003،ص60) لێرەوە بەو ڕاستییە دەگەین کە هاووڵاتییان لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا لە ڕێگای گردبوونە وەی جە ماوەری، خۆپیشاندان و دە ربڕینی بۆچوونە جیاوازەکانەوە گوزارشت لە ئازادیخوازی و هۆشیارییان بۆ بارودۆخە نەخوازراوەکان دەکەن، بەڵام سستمی سیاسی دیموکراس و ئازادیخواز نییە و بەردەوام لە هەوڵی کپکردنی ویستی گشتی و دەنگە جیاوازەکانە.

ئازادییەکی دی کە جێگای سە رنج و گرنگی پێدانی (لۆك) بووە، ئازادی بیروباوە ڕ یان ئایین بووە . بۆچوونەکانی (لۆك) سەبارەت بە ئایین، لە بەندی (18)ی ڕاگەیەندراوی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ (1948) و ماددەی (18)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان (1966) جەختی لەسەرکراوەتەوە و لە بڕگەی (2)دا هاتووە ((نابێت زۆر بۆ کە سێك بهێنرێت بە جۆرێك ببێتە هۆی کۆتکردنی ئازادییە کەی لەوەی کە پابەندبێت بە ئایینێکەوە، یان ئازادییەکانی لەوەدا پێشێل بکرێت کە خۆی ئایینێك یان بیروباوەڕێك هەڵبژێرێت.)) ( UNITED NATIONS, 2016, p49) بەهای ئازادی بیروباوە ڕ و پاراستنی لە ژیانی تاکەکاندا، بەتایبەتیش لە کۆمەڵگە فرەئایینەکاندا بوو بە جێگای بایەخپێدانی نێودە وڵەتی. بۆیە کۆمەڵەی گشتی نە تەوە یەکگرتووەکان ڕاگە یەندراوێکی تایبە ت بە ڕەگەزپەرستی و جیاوازی لەسەر بنەمای ئایین یان بیروباوە ڕ لە ساڵی (1981) دەرکرد، بەمەبەستی پەرەپێدانی تێگەیشتن، ڕێزگرتن و لێبووردەیی لەو کاروبارانەی پەیوەستن بە ئازادی ئایین و ڕێگەنەدان بە بەکارهێنانی بۆ ئەو مەبەستانەی کە پێچەوانەی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێککەوتننامەکانی پەیوەست بەو بابەتەن.(الهیتی، 2011،ص 5)

لە دەستووری عێراقی (2005) ماددەی (41) هاتووە کە ((عێراقییەکان ئازادن لە پابەندبوون بە باری کەسێتییان بەپێی ئایین و ئایینزا و بیروباوە ڕ و هەڵبژاردنی خۆیان ئەمەش بەپێی یاسا ڕێکدەخرێت.)) (دستور جمهورية العراق،2005)هەروەها لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراقدا ژمارەیەك ماددە و بڕگە جەخت لەسەر

ازادی پیادەکردنی ئایینە جیاوازەکان دەکەنەوە. لە ماددەی (6)دا ئاماژە بەوە کراوە کە ((دەستوور دان دەنێت بە ناسنامەی ئیسلامی زۆرینە و تەواوی مافە ئایینییەکانی مەسیحی و ئێزدییەکان و ئەوانی تر، سەربەستی و بیروباوەڕ و ڕێوڕەسم و داب و نە ریتی ئایینی لە هەرێمدا دابین دە کات.)) هەروەها لە ماددەی (20) بڕگەی (2)دا هەموو جیاکارییەك لەسەر بنەمای ئایین و بیروباوە ڕ قە دەغە دەکات. لە ماددەی (34)دا هاتووە کە ((هەر پێکهاتە یەکی ئایینی مافی خۆیە تی ئەنجوومەنێك بۆ گە شەپێدان و ڕێکخستنی کارو باری ڕۆشنبیری، کۆمە ڵایەتی و کە لەپووری خۆی دابمە زرێنێ و پەرەپێبدات و بە یاسا ڕێکدەخرێَت))(پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق، 2009)

لە ئێستادا ئازادی ئایینی لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا لە لایەنی یاسایی و لە ژیانی کرداریشدا تاڕادە یەك دەستەبەرکراو و پارێزراوە بۆ تەواوی ئایینە جیاوازەکان؛ بەڕادەیەك لەو چەند ساڵەی دواییدا زیاتر مافی پیادە کردنی ئایینەکانی وەکو (صابئەی مەندائی، یەزیدی، کاکەیی، فەیلی، شەبەك، یەهودی، زەردەشتی و بەهائی) ڕێگەپێدراوە و لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیدا نوێنە ری تایبە تی خۆیان هە یە. داننانی یاسایی بە مافی ئازادی و پیادە کردنی هەموو بیروباوەڕ و ئایینە جیاوازەکان، هەنگاوێکی ئەرێنییانەیە بۆ قۆناغی ئێستای کۆمە ڵگەی کوردستانی، چونکە لە ئێستادا زیاتر پێویستی بە لێبووردەیی، پێکەوەژیان و یەکڕیزی بۆچوونە جیاوازەکان هەیە، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان؛ سە رەڕای ئەوەی کە جیاوازییەکان بەردەوامی دە دەنە ژیانی کۆمەڵایەتی و کۆمە ڵگەش لە هەژموونی دەسەڵاتی ڕەهای تاك هزری بەدووردەگرن و لە پێکەوەژیان، لێبووردەیی ئایینی و فرە هزری نزیکی دەکەنەوە.

لە توێژینەوەیەکدا کە لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە) ساڵی (2016) ئەنجامدراوە لەسەر (1247) هاووڵاتی لە هەموو پێکهاتە ئایینی، ئایینزایی و نە تەوەییەکان دەرکەوتووە بە رێژەی (84,3٪) بڕوایان بە ئازادی ئایینی هەیە و (77٪) گرنگی بە بەشداریکردنی هاوبەشییە ئایینییەکان دەدەن لەگەڵ ئەوانەی کە ئایینیان جیاوازە هەروەها ( 75٪) بڕوایان بە رەتنەکردنەوەی ئایینە جیاوازەکان و (71٪) بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێز لە نێوان ئەوانەی ئایینیان جیاوازە هەیە و (7, 66٪) بەشداری لە بۆنە تایبەتەکانی یەکتریدا دەکەن هەروەها (80,7٪) ئەو وتارە ئایینییانە وەردەگرن کە بانگەشە بۆ رێزگرتنی ئە وانی دیکە و پێکە وەژیان لە گەڵیاندا دە کەن.(بیدار، 2016، ص46،45،18) بە ووردبوونەوە لەو رێژانە ئاستی پەسندکردنی یەکتر و پێکە وەژیانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا بە دەردەکەوێت، کاتێك پە سندکردنەکە پەیوەندی بە کردەوە و هەڵسوکەوتی تاکەکانەوە هەبێت، رێژەکەی کە متر دە بێتەوە. دەکرێت بڵێین ئە مە دەرخەری بڕوای راستە قینەی هاووڵاتییانە بەرامبەر بە یەکتری و سەلمێنەری ئەو رەوشەیە ئایینییەیە کە لە رۆژگاری ئێستادا دەگوزەرێ.

ئەوەی تا ئێرە ئاماژەی پێکرا دە ربارەی مافی ئازادی بـوو لەسەر ئاستی کۆمە ڵگە بەگشتی، ئە گەر هە ندێك ووردتر و لەسەر ئاستی خێزانیدا، بەتایبەتیش لە ئاستی تاکەکەسیدا، لەو مافە بڕوانین بەو بۆچوونە دەگەین کە تێڕوانین بۆ ئازادیی و پیادە کردنی جیاوازە بەپێی توێژەکانی کۆمەڵگە و جێندەر، بە واتایەکی دی ئازادییە کانی کچان لە ژنان و گەنجان لە پێگەیشتووان جیاوازن. ئەم جیاوازییانە لەلایەك بەندن بە تێڕوانین و هزری کۆمەڵایەتی باو، لەلایەکی دی بە جۆری مەیل، داواکاری، پێداویستی و بارودۆخی تایبەتی هەریەکە لەو توێژانە، لە ڕووی جێندەریشەوە ئازادییەکانی نێر و مێ لە حاڵەتی نایەکسانی و نابەرامبەری دایە.

ئەو پرسیارەی کە دەربارەی مافی (ئازادی یەکسان بۆ هەمووان)، جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە، بۆچی لە هەرێمی کوردستاندا، کۆمەڵگە بەگشتی و دەسەڵاتی سیاسی بەتایبەتی بواری یەکسان بۆ هەموو هاووڵاتییان دەستەبەر ناکات لە پیادەکردنی مافی ئازادی بە چاوپۆشین لە جیاوازییەکانیان لە لایەنی پیشە یی، جێندە ری، ئینتیمای حزبی، ناوچەگەرێتی و خێڵە کی تد .....؟ ئایا هۆکارە کان پە یوەستن بە ناهۆشیاری و تێنە گەیشتنی چە مکی ئازادی لە لایەن کۆمەڵگەوە، یان نەبوون و پەسندنەکردنی هزری ئازاد لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە؟ لە کۆی ئەو خوێندنەوە بابەتییەی کە بۆ مافی ئازادی لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا خرایە ڕوو، دە کرێت بڵێین : ناکرێت تە نها بە دەقێکی یاسایی یان بە گووتارێك گوزارشت لە بوونی راستەقینەی ئازادی بکرێت، چونکە ئازادی بە کردەوە دەسەلمێنرێت و رادە و ئاستەکەشی ئاماژەیەك دەبێت بۆ رەتکرنەوە و پەسندنەکردنی هەر جۆرە رێگرییەکی نەتەوەیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆکارێك بۆ لێبووردەیی، پێکەوەژیان و لێکتێگەیشتنی تەواوی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە هەر نەتەوە و ئایینێك بن.

**دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

ئەو دەرئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە ئەمانەی خوارەوەن:

•ئازادی رە فتارێکی کۆمە ڵایەتییانەی مرۆڤە ، پە یوەستە بە سروشتی بوونی مرۆییە وە، هە ر بە و هۆیە ش مرۆڤ بوونەوەرێکی ئازادە لە ژیان، بیرکردنەوە و کرداردا تا ئە و ئاستە ی ئازادییە کەی نە بێتە مایەی ئازاردانی هە ست و ویژدان و دە ستدرێژیکردنەسەر پیرۆزییە کانی ئە وانی دیکە ، ئە مەش بە و مانایە دێت کە ئازادی مافێکە لە مۆرکە سروشتییەکەی داماڵدراوە و بە یاسای دیاریکراو بە مەدەنی کراوە.

•نەبوونی دە ستوورێکی هە میشەیی کە سنوور و شێوازی فە رمانڕەوایی دە سەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا رێبکخات و هاوسە نگییەك لە نێوان مافی ئازادی و پیادە کردنی دەسەڵات دروست بکات هە روەها سستی رۆڵی دادگا و دەسەڵاتی دادوەری و کەموکورتی رێ و شوێنە یاساییەکان، هۆکاری سەرەکیین لە پێشێلکردنی مافی ئازادی لە زۆربەی ئاستەکانی لکۆمەڵگەدا.

•هاووڵاتییان لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا یە کسان نین لە پیادەکردنی مافی ئازادی، بە تایبەتیش لەوەی کە پەیوەستە بە دەربڕینی بۆچوونە جیاوازەکان و ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە بارودۆخی هەنووکەیی، گەندەڵی و کەموکورتییەکانی

سستمی دەسەڵاتدارێتی لە هەرێمی کوردستاندا. ئینتیمای حزبی، ناوچەگەری و خێڵەکی، پیشە و پێگە حکومی و حزبییە باڵاکان کراونەتە پێوەر بۆ پیادەکردنی ئاستی ئازادی تاکەکان.

•پێداگیری پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر رێکخستن، بە یاساییکودن و دانانی زمارەیەك مەرج لەسەر هەندێك مافی ئازادی نموونەی: خۆپیشاندان، گردبوونەوەی جەماوەری و چاپ و بڵاوکراوەکان دەرخەری ئەو راستییەن کە دەسەڵاتی سیاسی دە نگە جیاوازەکان پەسند ناکات و هاووڵاتییان ئازاد نین لە دەربرینی بیروبۆچوونەکانیان، بە تایبەتیش لە و پرس و بابە تانەی کە پێچەوانەی هزر و ئایدۆلۆژیای دە سەڵاتن و بە مەترسییەکی دادەنێت بۆ سە ر بەرژەوەندییە تایبەتی و کەسییەکانی.

•لەم چەند ساڵە ی دواییدا تاڕادە یەك ئازادی ئایینی لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا دە ستەبەرکراوە بۆ سەرجەم نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکان، ئەگەرچی تا ئێستا بە شێك لە هاووڵاتییان بەپێی پێویست ئامادەباشی ئەوەیان تێدا نییە بیروباوەڕ و ئایینی راستەقینەی خۆیان ئاشکرابکە ن، بە تایبەتیش ئایینەکانی وەکو یەهودی و زە ردەشتی، چونکە بە بەراوورد بە ئایینەکانی وەك ئیسلامی و مەسیحی کەمتر بواری پیادەکردنی ئازادانەیان بۆ رەخساوە.

•لە ئێستادا هاووڵاتییان هۆشیارترن بە ماف و ئازادییەکانیان، سەرەڕای بەربەست و رێگرییەکانی دەسەڵاتی سیاسی، کەم تا زۆر هە ڵوێست وەردەگرن و رەزامەندنەبوونی خۆیان بە رامبەر بە هەلومەرج و بارودۆخە نەخوازراوەکان دەردەبڕن.

**راسپاردەکانی توێژینەوەکە**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەپێویستی دەزانین ئەم راسپاردانەی خوارەوە ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار بکەین، بە ئامانجی بە مەدەنیکردنی کۆمەڵگەی کوردستانی و بە دیموکراسیکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان-عێراقدا:

•ئازادی مافێکی سروشتی هەر تاکێکە، لەبەرئەوە پێویستە هاووڵاتییان بە ئاگایی و هۆشیارانەتر و بە گرتنەبەری رێ و شوێنی گونجاو گوزا رشت لەو مافەیان بکەن، بە شێوەیەك نەبێتە هۆکاری بریندارکردنی هەستی کەسانی دیکە و زیان گەیاندن بە هیچ لایەنێك، بۆ ئەوەی بتوانن ئازادانە پیادەی ئازادییەکانیان بکەن.

•دەستەبەرکردنی راستە قینەی ئازادی و پارێزگاری لێکردنی، لە رێگای بوونی دە ستوور، سە روەری یاسا و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبە جێکردن و دادوە ری هەروەها لەناوبردنی دەستتێوەردانی دەسەڵاتی حزبی دێتەدی. بۆیە چارەسەرکردنی پرسی سە رۆکایەتی هەرێم و وەلانانی ململانێ ناوخۆییەکان پێویستییەکی هەنووکەیی گرنگن بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی سیاسی و گەڕاندنەوەی دەسەڵاتە یاساییەکان بۆ رێڕەوەی راستەقینەی خۆیان کە بە هۆیەوە ئازادییەکان پارێزراوتر دەبن.

•ناکرێت دیموکراسییەت تەنها دروشم و گووتاری دەسەڵاتی سیاسی بێت، بەڵکو پێویستە دەسەڵات رێگە خۆشکەربێت بۆ پیادەکردنی ئازادانە ی تە واوی ماف و ئازادییە کانی هاووڵاتییان بە بێ جیاوازی، بۆ ئەوەی سستمی دە سەڵات و فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستاندا گوزارشتی راستەقینەی دیموکراسی بێت.

•پێویستە پەرلەمانی کوردستان بە رۆڵ و بەرپرسیارێتی یاسایی خۆیدا بچێتەوە لە چاودێریکردنی حکومەت و بەرپرسە باڵاکانی هەروەها بە تەواوی دەسەڵات و دەستتێوەردانی حزبی لە کاروباری حکومی و پەرلەماندا نەهێڵێت.

•سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم، پەرلەمانی کوردستان و دە سەڵاتەکانی یاسادانان، جێبە جێکردن و د ادوەری و تە واوی لایەنە بەرپرسەکانی دیکە پێویستە بەرپرسیارانەتر هەڵسوکەوت لەگەڵ پرسەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان بکەن و پاڵپشتی ویستی گشتی هاووڵاتییان بن.

•ئایین لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا، بابە تێکی هە ستیارە، بۆیە پێویستە پیادەکردنی نە ریت و رێورە سمە ئایینییەکانی کەمینەکان بە یاسایی بکرێت، بۆ ئەوەی بە ئازادانەتر گوزارشت لە بیروباوەڕی خۆیان بکەن.

**سەرچاوەکان**


ئیبراهیم، زەکەریا (2013). *کێشەی ئازادی*. و:قەرەداغی، محەمەد مستەفا. سلێمانی: چاپخانەی روون.

جەهانبەگلوو، رامین(2009). *دەسەڵات و ئازادی*. و: جەماڵی، عەتا.هەولێر: چاپخانەی هاوسەر.

ئەلحەسەن، ئیحسان محەمەد(2012). *ئینسیکلۆپیدیای کۆمەڵناسی*.و: مەلا حەسەن، دانا. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

لۆك، جۆن(2011). *نامەیەك لە بارەی لێبووردەییەوە*.و: عەلی, عەبدورەزاق. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

موحسنی، مەنوچێهر(2006). *دەروازەکانی کۆمەڵناسی*.(چ.2). و: سیوەیلی، رێبوار و ئەوانی تر.هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

سۆفی، دانا سەعید(2016). *مافی زانیاری- دەستکەوتنی زانیاری و بە هێزکردنی رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە کۆمەڵگای دیموکراسیدا* . هەولێر: چاپخانەی شەهاب.

عومەر، هیوا(2016). *راپۆرتی رەوشی ئازادی رادەربرین لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی 2016 دا*.هەولێر: بڵاوکراوەی رێکخراوی ئاشتی و ئازادی لە کوردستان.

ابو الکرم، رقیة(2014). *تقریر عن واقع حریة التعبیر و الرأی فی العراق و إقلیم کوردستان العراق فی سنة 2013*. اربیل: منظمة المسلة لتنمیة الموارد البشریة.

بیدار، آدم(2016). *واقع التعایش و تقبل الاخر و خطاب الکراهیة علی الاساس الدینی لدی عینة من محافظات إقلیم کوردستان العراق- دراسة میدانیة*. اربیل: منشورات منظمة المسلة لتنمیة البشریة و المنظمة PAX.

جرار، أمانی غازی(2012). *حقوق ألإنسان و تربیة السلام*.عمان: دار وائل للنشر و التوزیع.

الهیتی، نعمان عطا الله(2011). *حقوق ألإنسان القواعد و الالیات الدولیة*. سوریا: دار و المؤسسة رسلان للطباعة و النشر و التوزیع.

الحسن، إحسان محمد (2005). *مناهج البحث العلمی*. عمان: دار وائل للنشر و التوزیع.

الحبابی، محمد عزیز(2014). *من الحریات الی التحرر*. بیروت: الشبکة العربیة للابحاث و النشر.

الطهراوی، هانی علی(2007). النظم *السیاسیة و القانون الدستوری*.عمان: دار الثقافة للنشر و التوزیع.

یحیی، ناصر أحمد(2009). *تدویل حقوق الإنسان*.أربیل: مرکز بحوث العلاقات.

مونتسکیو(1953).*روح الشرائع*. ت: زعیتر، عادل.القاهرة: اللجنة الدولیة لترجمة الروائع ألإنسانیة (الاونسکو).

مجذوب، محمد سعید(2014).*النظریة العامة لحقوق الإنسان*. لبنان: المؤسسة الحدیثة لکتاب.

الصقور، صالح(2009). *موسوعة الخدمة ألإجتماعیة المعاصرة*.عمان: دار زهران للنشر و التوزیع.

قرقور، نبیل(2010).*حقوق ألإنسان بین المفهوم الغربی الإسلامی*. الازاریطة: دار الجامعة الجدیدة.

الربیعی، صاحب(2011). *رؤیة فی مؤسسات الدولة و المجتمع*. سوریة: صفحات للدراسات و النشر.

الشاوى، منذر(2013). *دولة القانون*. بغداد: الذاكرة للنشر و التوزيع.

شارب، جين(2003). *من الدكتاتورية الى الديموقراطية*(ط.2). ت: عمر، خالد دار. بوسطن: مؤسسة ألبرت أينشتاين.

خالد، حميد حنون(2012). *حقوق ألإنسان*. بغداد: مكتبة السنهورى.

Locke, John (1977). *THE SECOND TREATISE OF GOVERNMENT* . ED: PEARDON, THOMAS P. . S. L. : THE LIBRARY OF ARTS.

Locke, John (1967). *Tow Treatises of Government*. ed: Peter,asle H.. S.L.: Cambridge University Press.

Welch, Shay (2012).*A theory of freedom: feminism and the social contract*. New york: palgrave Macmillan

Dunfee, Thomas W. , Smith, N.Craig Ross & Ross Jr, William T. (1999).*Social Contracts and Marketing Ethics*.Journal of marketing. (633), pp. 14-33.

مجلس النواب العراقى. (2005). *دستور جمهورية العراق*. بغداد.

حكومەتی هە رێمی کوردستان- وەزارەتی مافی مرۆڤ . (2006). *جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ* .هەولێر: چاپخانەی کاروان.

بڕیاری پەرلەمانی کوردستان- عێراق. (2007). *یاسای کاری ڕۆژنامە گەری لە کوردستان*. (ژ.35). هەولێر: لەم سایتە وەرگیراوە: http://WWW.kurdistan-perliamant.org/files/articles/221008121630 وەرگیراوە لە: [15ی ئاداری 2017].

*پڕۆژەی دەستووری هە رێمی کوردستان- عێراق*. (2009). هەولێر: لەم سایتە وەرگیراوە : http://WWW.krp.org/docs/draftconst-kurdish. وەرگیراوە لە: [12ی کانوونی دووەمی 2017]

United Nations. (2016). *پەیماننامە بنەڕەتییە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ*. و: نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عێراق. هەولێر: ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤ.12

## الحرية في المجتمع الكوردستاني- على ضوء نظرية العقد الاجتماعي لدى جون لوك

***الاستاذة اسرين زرار قادر***

**الملخص**

ظهور الحرية كرد فعل للظلم و الاستبداد برزت في قرن السابع عشر و الثامن عشر، عندما اهتم الفكر و الفلسفة الاوروبية بحقوق الفرد، خاصة بعد الثورة الفرنسية، مفهوم الحرية دخلت الى النصوص الدستورية الى جانب تأثيرات ثورة استقلال امريكا و كتابة الدستور الامريكي وفق الحريات الفردية . لذلك هناك ترابط وثيق بين الحرية و القوانين. المجتمع الحر، مجتمع تسود فيها سيادة القانون و احترام حقوق الانسان و الحريات. يعتقد (هيكل) بأن الشيء الوحيد لم يكن فيها حرا، هي حريته. هذا يبين تلك الحقيقة بأن الانسان لا يتنازل عن حقوقه الاساسية، بل أن الحرية هي جزء لايتجزء من وجوده و حياته. الانسان الحر يعني الفكر الحر. الفكر و سلوك الحر اساس اختراع و تغير المجتمع نحو التقدم و التطور و المدنية. (جون لوك) من الاوائل للدعوة الى فكرة المجتمع المدني في افكاره لتأسيس مجتمع مدني قانوني يؤكد على ضرورة ضمان حقوق الانسان و الحريات العامة.

**المفاهيم الاساسية:** المجتمع الكوردستاني، الحرية، حقوق الانسان، القانون، العقد الاجتماعي.